## شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ... ئارام سدیق



شیعر ئەو ژانرەیە کە زۆرترین ئازارەکانی مرۆڤ لە خۆدەگرێت، مرۆڤ لەسەرەتای بوونیەوە، یان راستر بڵێین لەو کاتەوەی توانای ئاخاوتن و نووسین هاتۆتە بوون پێش هەموو ژانرەکانی تر شیعر وێردی سەر زاری مرۆڤ بووە، ئەمانە وایانکردووە مرۆڤ لەهەموو کایەکانی ژیانیدا بگەڕێتەوە بۆ لای شیعر هەست و سۆزی بەشیعر دەربڕێت. هەر لێرەوە کەشیعر هەموو کایە جۆراوجۆرەکانی گرتۆتەوە دنیای منداڵیش بێبەش نەبووە لە ژانرە و بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی چەندین شاعیر شیعریان بۆ دنیای منداڵ هۆنیەوەتەوە و نموونەی بەرچاویش شاعیران (گۆران، کاکەی فەلاح، لەتیف هەڵمەت، عوسمان هەورامی و... هتد) دەیان نموونەی تر کەسەرجەمیان بە پێی توانا ویستوویانە لەو شیعرانەدا گوزارشت لەو هەستە منداڵانەی دنیا تایبەتەکەی منداڵ بکەن.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر کتێبێکی نوێ بکەین بەناوی (شعیری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا) کە بەڕێز "د. فازڵ مەجید مەحمود) نوسیوویەتی و لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری رەخنەییە لەسەر شعیری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا و بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرا و پێشکەشی زانکۆی سلێمانی کراوە و پەسەندکراوە. ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە و بەشی یەکەمی تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر سایکۆلۆژیەتی منداڵ و قۆناغەکانی گەشەکردنی. لەم بەشەدا نووسەر دەیەوێ ئەو رایە دووپاتبکاتەوە کەمنداڵ کائینێکە بەردەوام لەگۆڕاندایە و ئەو گۆڕانانەشی کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر گەشەکردن و بیرکردنەوە و رەفتاری دەبێت و حەز و ئارەزوو و خولیای ئەدەبی و هونەری هەر قۆناغێك جیایە و پێویستە لەخێزان و کۆمەڵگە و قوتابخانەدا کەسێ کوچکەی پەروەردەی منداڵن گرنگی بەم لایەنە بدرێ، هەروەها لە باسی دووەمی ئەم بەشەدا نووسەر پێناسەی ئەدەبی منداڵی بەم شێوەیە دەکات کە بریتییە لە بەرهەمی ئەدەبی بەرامبەر هەستی منداڵ و بەرجەستەکردنی حەز و ئاوات و خولیاکانی و لەهەمانکاتدا بەخشینی جۆرێك لە رۆشنبیری و سودگەیاندنی پەروەردەیی بەمنداڵ و وشیارکردنەوەی بەرامبەر کۆمەڵگە. دواتر نووسەر باس لەگرنگی شێواز دەکات لەشیعری منداڵاندا و هەروەها تیشکی خستۆتە سەر رۆڵی زمان لەئەدەبی منداڵاندا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، چونکە هەموو دەزانین نووسین بۆ ئەو نەوەیەی تازە فێری خوێندن بووە گرنگیەکی زۆری هەیە و لەهەموو گرنگتر ئەوەیە نووسەری شیعری منداڵ بەزمانێك بنوسێ کە نزیك بێت لە تێگەیشتنی منداڵانەوە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵ لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا و ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەتی.

نووسەری سەرەتای ئەدەبی منداڵان لای کورد دەباتەوە بۆ بەیت و لایلایە کوردیەکان و دواتر ئاماژە بە ئەحمەدی خانی دەدات کە لەسەردەمی خۆیدا کتێبێکی بۆ منداڵان نووسیووە، دواتریش ئاماژە بەچەند نووسەرێکی تر دەدات، تا دێتە رۆڵی گۆران و کاکەی فەلاح لەزنیدووکردنەوەی ئەم دەبەدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی. پاشان نووسەر رۆڵی چەند شاعیرێکی کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو دەخاتە روو

لەشیعری منداڵاندا بەتایبەتیش ئاماژەی بەڕۆڵی هەریەك لە (لەتیف هەڵمەت، جەزا عەلی ئەمین، ڕۆستەم باجەلان، عوسمان هەورامی... ) داوە.

بەشی سێیەمی ئەم کتێبە بەشێکی گرنگە و تایبەتە بەمەبەستەکانی شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا. لەم بەشەدا نووسەر هەوڵیداوە ئەو مەبەستانە روون بکاتەوە کە لەشیعری منداڵانی کوردیدا هەیە کە گرنگترینیان بەم شێوەیە روونکردۆتەوە (پەروەردەی نیشتمانی، پەروەردەیی فێرکاری و خوێندن، پەروەردەی رەوشتی، پەروەردەی مرۆڤایەتی، پەروەردەی هۆشەنگی و دەروونی، پەروەردەی وەرزشی، پەروەردەی ئایینی، پەروەردەی دروستی) . بێگومان هەموو ئەوە دەزانین دەبێ شیعری منداڵان هەڵگری پەروەردەی دروستی ژیان بن و ئەگەر شیعرێك هەڵگری یەکێك لەو پەیامانەی سەرەوە نەبێت خزمەت بەبیری منداڵ ناکات، هەر بۆیە نووسەر زۆر بەوردی لەسەر ئەم لایەنانەی شیعری منداڵان وەستاوە و بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکەی بۆ تەرخانکردووە و نموونەی بۆ هەموو لقەکان هێناوەتەوە.

دواجار دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە تێروتەسەلانەی لەسەر شیعری منداڵان کراوە لەئەدەبی کوردیدا، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە نووسەر چەند شاعیرێکی پشتگوێ خستووە کە خاوەنی چەند دیوان و نامیلکەی شیعری منداڵانن و دەکرا ئاماژەش بەم لایەنە بدات، هەروەها ئەو تۆپەرێتە شیعریانەشی فەرامۆشکردووە کە چەند شاعیرێك نووسیوویانە و لەسەر تەلەفزیۆنەکانیش پەخشکراون، ئەم دووخاڵەی کە باسمانکرد کارێکی تاڕادەیەك سلبیە بۆ لێکۆڵینەوەکە پێموایە نەدەبوایە ئەم دوو لایەنە فەرامۆ بکرایە.

لەکۆتاییدا دەستخۆشی بۆ (د. فازڵ مەجید مەحمود) و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە.